# شـۆڕشی ئەیـۆنی دژی دەسەڵاتدارێتی ئەخمینی لە ئاسیای بچوک (٤٩٩-٤٩٤ پ.ز)


**د. حلمی رسول رضا**

**زانکۆی راپەڕین**

**فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی مێژوو**


**دەروازە :** دیارە ئاسیای بچوک، تایبەت تریش بەشی رۆژئاواکەی، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز گۆڕانکاریەکی جۆری و گەورەو گرنگی بە خۆوە بینی، ئەمەش لە کۆمەڵێك رووداو و پەرەسەندنی نەخوازراودا خۆی بینیەوە لەناوچەی ئاماژە پێکراو کە ماوەیەکی دووروودرێژ بەخۆوەی نەدیبوو، ئەم رووداوانەش پاش فراوانخوازیەکانی دەوڵەتی ئەخمینی دێت بۆ ئەو ناوچانە کە لە سەردەمی پاشای بەتواناو لێهاتوو (کورشی گەورە Cyrus the Great) (٥٥٨–٥٣٠ پ.ز) دەستی بەسەردا گیرابوو، خودی رووداوەکانیش لە سەردەمی (داریوسی یەکەم Darius I) (٥٢٢–٤٨٦ پ.ز) بوو بە ماوەیەك دوای هاتنە سەر دەسەلاَت.

دوای چاکسازییە بەناوبانگەکەی (داریوسی یەکەم) لە رووی کارگێڕییەوە توانی شارە ئەیۆنیەکانی رۆژئاوای ئاسیای بچووك ببەستێتەوە بە دەسەڵاتداریتیەکەیەوە، بەسەپاندنی باجیش بەسەریاندا سیستەمی دەسەڵاتی ئەو شارانەی وەکو خۆی هیشتەوە کە لە پێشدا هەبوون و هیچ گۆڕانکاریەکی وەهای تێدا ئەنجام نەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شارانە بەهۆی کەنارگیرکردنیان لە رووی ئابوورییەوەو سست بوونی ئاڵوگۆڕ کردنی بازرگانی کردنیان و هەروەها بەسەرکێشی چەند سەرکردەیەك و هاندانی شارە گریکەکانی بەری ئەوروپای وەك (ئەسینا Athens) و (ئەریتریا Aretria) هەستان بە ئەنجامدانی شۆڕشێك دژی دەسەلاَتدارێتی ئەخمینی کە ماوەی پێنجساڵی خایاند واتە لە نێوان ساڵانی (٤٩٩–٤٩٤ پ. ز).

لەم سۆنگەیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت بەوەی تیشك دەخاتە سەر ئەو رووداوە مێژووییانەی لەو ماوە دیاری کراوەدا روویانداوەو شیکاری ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندن و قۆناغە سەربازیانە دەکات لە دوو لایەنی بەرەی شەڕەوە، یەکێکیان هەوڵ و کۆششی شارەکان بوو بۆ رزگاربوون لە دەسەلاَتی بێگانەو گرتنە بەری رێکاری دیبلۆماسی (لە نێوان خۆیان و هاورەگەزەکانیان لە ولاَتی یۆنان) و پاشان سەربازی، ئەوی تریشیان هێرشی سەربازی پاشای ئەخمینی (داریوسی یەکەم)ە بۆ خەفەکردن و سەرکوت کردنی شۆڕشەکە، ئەمانە تاوەکو ئێستا توێژینەوەکان و بەتایبەتیش توێژەری کورد بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەداوە لەگەڵ ئەوەشی کە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو شۆڕشە خاڵی وەرچەرخانە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتێکی رۆژهەلاَتی مەزن و کۆمەڵە شارێکی بە کلتور رۆژئاوایی، بێگومان هەم شۆڕشەکەو هەم سەرکوتکردنەکەی چەندین کاریگەری و دەرەنجامی لێکەوتەوە کە هەندێکیان نزیك مەوداو هەندێکیشیان دوور مەودا بوون، توێژینەوەکەش بە ووردی و روونی ئاماژەیان پێدەکات.

## بەشی یەکەم

## پێشینەیەکی جوگرافی دەربارەی ئاسیای بچوک

١. **شوێنی جوگرافی:** ئاسیای بچوک بریتیە لە نیمچە دوورگەیەك لە سەردەمە مێژووییە کۆنەکاندا پێی وتراوە (ئەنازۆڵ Anatolia)، دیارە ئەم زاراوەیە لە پێش سەدەی پێنجەمی پ.ز بەکارنەهێنراوە، لەسەردەمی ئێستاشدا دەوڵەتی نوێی تورکیا دەگرێتەوە[١].

سنورەکەی لەلای باکورەوە دەریای رەش و لە رۆژئاواوە دەریای ئیجە و گەروی بۆسفۆر (Bosporus) و (دەردەنیل Dardanelles) جیای دەکەنەوە، لە باشوریشەوە دەریای ناوەراست، کەچی لەلای رۆژهەڵاتەوە ئەم سنورە روون نییە، بەڵام دەتوانرێ بەو هێڵە بوترێ کە لە باکوری ڕۆژهەلاتی دورگەی ئەسکەندەرۆنەوە درێژ دەبێتەوە بۆ رووباری فورات و لەوێشەوە بۆ رووباری (کورا Coruh) لە ولاتی جورجیاو پاشان بۆ دەریای رەش[٢].

رووبەری گشتی ئاسیای بچوك نزیکەی (٢٠٠٠٠٠ کم٢)، دەتوانرێ دابەش بکرێت بۆ پێنج بەشی سەرەکی، کە هەربەشێکیان لەوی تریان جیاوازە لە رووی سروشت و شێوەیەی جوگرافیاییەوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

أ. ناوچەی بانی ناوەراست (The Central Plateau)

شێوەی گشتی ئاسیای بچوك بریتیە لە بانێك و بەرزیەکەی لە نێوان (٩٠٠– ١٥٠٠م)ە لەسەر ئاستی رووی دەریا، پاشان دادەبەزێت روەو خوار بەرەو باکورو رۆژئاوا، ئەمەش رووبەرێکی زۆر فراوانەو بە گشت ئاراستەکاندا چوار دەوری بە زنجیرە چیای بەرز گیراوە، هەرچی لای رۆژئاوایەتی گردەکانی کەمتر بەرزن، لە کاتێکدا بانەکە بە شێوەیەکی گشتی پێك دێت لە بەرزاییە بەردەلانیەکان و چەندین دۆڵی پرەوەبوو بە دەریاچەو گۆم و کەندەڵان و رووبارو دەچێتەوە سەر دەشتاییەکان لە چیاکانی بەرامبەریەوە[٣]. شایانی باسە هەرێمەکانی (فریجیا Phrygia)، (پیسیدیا Pisidia)، (گالاتیا Galatia)، و(کپادۆکیا Cappadocia)، دەکەونە ئەم بەشەی ئاسیای بچوکەوە[٤].

ب.ناوچە کەنارییەکانی دەریای رەش (The Black Sea Coastlands)

کەنارەکانی دەریای رەش بە شێوەیەکی گشتی لێژایی و کەندەڵان و زەمین لەرزەی زۆرن، لەهەمان کاتدا دەتوانرێت کەناری باکوری ئاسیای بچوك بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکرێت، بەشی رۆژهەڵاتی کە (پۆنتوس Pontus) و (پافلاجۆنیا Paphlagonia) لە خۆدەگرێت، شنەبای بەردەوامی باکوریش وا دەکات ئەم ناوچەیە بە درێژایی ساڵ بە فێنکی و باراناوی و ئاوهەوایی مامناوەندی بمێنێتەوە، بەڵام لەم بەشەی ئاسیای بچوکدا بەندەری وەهای تێدا نییە کە شیاو بێت بۆ لەنگەر گرتنی کەشتیگەلی جگە لە (سینۆپ Sinop)[٥]. هەرچی بەشی رۆژئاواکەشێتی (بێسینیا Bithynia) و (میسیا Mysia) لە خۆ دەگرێت، ئاوهەوای ئەم ناوچەیە لە ئاوهەوای بەشی رۆژهەلات دەچێ، بەڵام

(١) Howard F, Vos., Wycliffe Historical Geography of Bible Lands, (London:٢٠٠٣), p.٤١٤.

(٢) Von der Osten, H.H., "Explorations in Hittite Asia Minor", *The American Journal of Semitic Languages and Literatures*, Vol.٤٣ .No.٢, (Jan., ١٩٢٧), p.٨٢.

(٣) Carry, M., A History of the Greek World from ٣٢٣ to ١٤٦ B.C, ٢Edition , (London: ١٩٥١), p.١٥١.

(٤) وفاء عدنان عمار، آسيا الصغرى خلال الحكم السليوقي (٢٨١–١٨٨ ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الآداب، (القاهرة : ٢٠١٣)، ص٢.

(٥) Howard F, Vos., Op. Cit., p.٤١٧.

چیاكانی دوورن لە كەنارەكانیەوە[٦]، ئەمەش بوار دەرەخسێنێ بۆ بەرهەم هێنانی گەنم و جۆ، لەمانەش گرنگتر بوونی باشترین بەندەرە لەم بەشەدا بۆ نیشتنەوەی كەشتیگەلی ئەویش بەندەری (كیزیكۆس Cyzicus) [٧].

## جـ. ناوچەی رۆژئاوای ئاسیای بچوك (Western Asia Minor)

ئەم ناوچەیە رۆڵێكی كاریگەری هەبووە لە رووداوە مێژووییەكاندا لە هەردوو سەردەمی دەسەڵاتداریێتی یۆنانی و رۆمانیدا، دیارە ئاووهەواكەی لە وڵاتی یۆنان زیاتر مامناوەندی و خاكەكەشی بە پیت تر بووە، كەنارەكانیشی، كەناری زیاد لە پێویست و ئالۆزو ژمارەیەكی زۆریش دوورگەی نارێكی تێدابوە، سەرەتای ئەم ناوچەیە لە باكورەوە بە گەرووی بۆسفۆر دەستپێدەكات بە درێژی نزیكەی (٢٦ كم) و پانی نزیكەی (١٦٠٧ م)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەروە لە هەندێ شوێنی تردا تەسكتر دەبێتەوە بۆ نزیكەی (٧٠٠م)، پاشان دەریای (مەرمەرە Propntis) دێت، كە حەوزێكی سروشتیە بۆ گلدانەوەی ئاوی پیس، لە پێناو ئەو كۆچە ساڵانەیەی ماسیەكان دەیكەن لە دەریای ناوەراستەوە بۆ دەریای رەش[٨].

درێژی گەروی دەردەنیلیش بریتیە لە نزیكەی (٤٠ كم)، پانیەكەشی روەو باكور زیاد دەكات و نزیكەی (٨كم) دەبێت، گرنگترین شارەكانی ناوچەی رۆژئاوا (میسیا)، (لیدیا Lydia)، (كاریا Caria) ن[٩]، پاشان لەسەر كەنارو سەرەتاش لە باكورەوە بەرەو باشور شاری (تەروادە Troy) لە خۆ دەگرێت، دوای ئەوەش شارەكانی (ئەیۆلیا Aeolis ) دێت، لە گرنگترینیان بریتین لە (كیم Kim)، (میرنا Mirna)، (ئیگای Aegai)، (لاریسا Larisa) و (سمیرنا Smirna)، پاشان شارەكانی (ئەیۆنیا Ionia) دەستپێدەكات، شارە گرنگەكانیشی بریتین لە (فۆكیا Focia)، (ئەریسریا Arisria)، (كلاسومینای Clasuminai)، (تیئۆس Teaous)، (كالفۆن Calfon)، (ناشتون Nashton)، (ئیفسوس Ephesus)، (پرین Prin)، (میوس Mius)، (میلیتۆس Miletus) و (دیدیما Didima)، لە كۆتایشدا شارەكانی (كاریا) ی كەناری دێت و پێی دەوترا (دوریس Duris)، بەهۆی نیشتەجێبوونی (دووریەكان Durians) لەو شوێنانە[١٠].

## د. ناوچەی كەناری دەریای ناوەراست (The Mediterranean Coastlands)

چیاكانی ئەم ناوچەیە بە شێوەیەكی پلە بە پلەو یەك لە پاش یەك لێژ دەبنەوە بەرەو دەریا بە درێژایی كەناری باشوری ئاسیای بچوك جگە لە (پامفیلیا Pamphilia) و رۆژهەڵاتی (كلیكیا Clicia) نەبێت، ئەوەی شایانی باسە كەنارەكانی دەریای ناوەراست لە مێژووی كۆنی ئاسیای بچوك رۆڵێكی كاریگەری هەبوە، ئەوەش بەهۆی نیشتەجێبوونی مرۆڤەوە بوە لە دەشتەكانی ئەو ناوچەیە و بوونی ئاوی پێویست تیایدا، پاشان بەهۆی

---

(٦) Bleda S. Düring., The Prehistory of Asia Minor: From Complex Hunter-Gatherers to Early Urban Societies, (Cambridge University Press: ٢٠١١), p.٧.
(٧) Strabo, The Geography of Strabo, Book, ١٢ , Chapter, ٨, Section, ١١, Translated by: Jones, H.L, William Heinemann, L td, Cambridge Mass . Harvard University Press, (Lodon:١٩٢٤).
(٨) Howard F, Vos., Op. Cit., p.٤١٨.
(٩) Harry Thurston Peck, (Asia) Harpers Dictionary of Classical Antiquities, (New York:١٨٩٨). http://www.perseus.tufts.edu/hopper/text?doc=Perseus٪٣Atext٪٣A١٩٩٩.٠٤.٠٠٦٢.
(١٠) وفاء عدنان عمار، المصدر السابق، ص٣.

هەڵکردنی بای رۆژئاوای پێچەوانییەوەو زۆری شێ لە وەرزی زستاندا، دارستانی چڕ تیایدا گەشەی کردوەو هەر لە کۆنەوە بۆتە سەرچاوەیەکی بنچینەیی دارو درەخت بۆ ناوچەکە[11].

هەرچی چیاکانی باشوری ئاسیای بچوکیشە بە ژمارە زۆرن و دەکەونە بەرامبەر بانی ئەنازۆڵ، هیچ دۆڵێکی کراوەش لە باکوری (تۆرۆس Turus) ی رۆژئاوادا نییە، بوونی ئەم دۆڵە داخراوانەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی نێوخۆیی ئەم ناوچەیە هەبوەو، کەمی رێگاکان وای کردوە (کلیکیا)ی رۆژئاوا کەمتر کاریگەری لەسەر مێژووی ناوچەکەدا ببینرێ و، تەنانەت وەك شوێنێکی خۆشاردنەوە بۆ چەتەگەری بەکارهێنراوە[12]. شایانی باشە چیا سەرەکیەکانی (تۆرۆس) بۆ (١٠٧٠م) بەرز دەبێتەوەو لە (تۆرۆس)ی رۆژئاوا چالاکترە، بە شێوەیەك هەندێ لە دۆڵەکان لەنێوان چیاکاندا رێگا بۆ خۆیان دەکەنەوەو دەگەنە هەندێ شوێنی دیاریکراو، لەوانە دۆڵی رووباری (کیدنۆس Cydnos)، کە سەرەتاکانی (کلیکیا)ی بەناوبانگ پێك دەهێنێت[13]، ئەم ناوچەیەش هەریەکە لە (لیکیا Licya)، (بامفیلیا) و (کلیکیا) لە خۆ دەگرێت[14].

هـ. ناوچەی رۆژهەڵاتی ئاسیای بچوك (Eastern Asia Minor)

ئەم ناوچەیە لە زنجیرە چیایەك پێك دێت، دەکەوێتە شوێنێکی دوور لە بان و بەرزو نزمییە سەختەکان، بەردەوامیش دەبێت تا لەکۆتایدا دەگاتە دەشتێکی شەپۆلاوی و لەوێشەوە دەگاتە باکوری سوریاو وڵاتی نێوان دوو رووبار[15].

## ٢. ئاوو هەوای ئاسیای بچوك

ئاوو هەوای بەشەکان لە ناوچەکانی ئاسیای بچوك پێچەوانەی یەکترین، بۆ نموونە لەبەشی کەنارەواکانی دەریای (ئیجە) بەبەردەوامی لە مانگی سێی هەمووساڵێکدا شەپۆلی بەستن و بەفربارین هەیە، زەوییە کەناراویەکانی رێژەی بارانی لە نێوان (٦٥٠–٧٥٠ملم)، ناوەندی پلەی گەرمیشی (٧°) لە مانگی کانونی دووەمدا و دەگاتە (٢٤°) لە مانگی تەموزو ئابدا، هەرچی کەنارەکانی دەریای رەشە بارانی زۆرەو خۆی دەبینێتەوە لە نێوان (٦٥٠ملم) لە رۆژئاواو (٢٥٠٠ ملم) لە رۆژهەڵات، پلەی گەرماش مامناوەندییەو (٧°) پلەیە لە مانگی کانونی دووەمداو (٢١°) لە مانگی ئابدا. کەنارەکانی دەریای ناوەراستیش رێژەی باران دەگاتە نزیکەی (٧٥٠ ملم) ناوەندی پلەی گەرمی بەم شێوەیەیە، (١٠°) لە مانگی کانونی دووەم و (٢٧°) لە تەموز[16].

بانەکانی ناوەراستیش رێژەی باران بارین تێیدا دەگاتە نزیکەی (٢٥٠–٣٥٠ ملم)، لەبەشەکانی رۆژهەڵاتیدا ئاوهەوا لە هەموو ناوچەکانی تر نالەباترە بەوەی هاوینێکی زۆر گەرم و وشکی هەیەو زستانێکی زۆر سەخت، بەجۆرێك رێژەی باران بارین بەبەردەوامی (٣٥٠–٦٠٠ ملم) ەو پلەکانی گەرماش بە شێوەیەك دادەبەزێت کە دەگاتە (٤٠ °) ژێر سفر لە مانگی کانونی دووەمدا[17].

---

(١١) Howard F, Vos., Op. Cit., p.٤١٩.

(١٢) وفاء عدنان عمار، المصدر السابق، ص٤.

(١٣) Bleda S. Düring., Op. Cit., p.٧.

(١٤) Harry Thurston Peck, (Asia), Op. Cit.

(١٥) Howard F, Vos., Op. Cit., p.٤٢٠.

(١٦) Ibid., p.٤٢٠.

(١٧) Bury, J. B, & Others., *"The Egyptian and Hittite Empires to c. ١٠٠٠ B. C." The Cambridge Ancient History,* Vol .II, (١٩٣٩), p.٣.

### ٣. زنجیرە چیاو رووبارەكانی ئاسیای بچوك

بانی ناوەراست بە زنجیرەیەك چیا دەورە دراوە، چیاكانی (ئەرمینیا Armenia) درێژ دەبنەوە بەرەو سنوری ئاسیای بچوك و چیای (بۆنتس Pontus) لە باكور و بۆ (٢٧٥٠ م) بەرز دەبێتەوە، چیاكانی (تۆرۆس)یش لە باشور بۆ (٣٠٠٠م) بەرز دەبێتەوەو نێوانی هەردووكیشیان لە زنجیرەیەك گردی بەیەكدا چوو پێك هاتوە، بە شێوەیەك تەنها چەند ڕێرەوێكی بچووك و نارێك دەبینرێت لە نێوان كەنارەكان و بەشەكانی ناوەوە[١٨].

زنجیرە چیا سەرەكیەكانی (تۆرۆس) دەكەوێتە بەشی رۆژهەلآت و باكوری رۆژهەلآت، هەرچی زنجیرە چیاكانی ناسراو بە (ئەنتی تۆرۆس Anti- Turus)یشە بە تەریبی بەرامبەرێتی، بە درێژایی لای باكوری رۆژهەلآتی بانەكەش بە دووری (١٥٠ كم) ژمارەیەك لوتكەی گڕگانی دەبینرێت، لە كۆتایی ئەم زجیرەیەشدا چیای (ئەرسیاس Arciyas) ە كە لە كۆندا پێی وتراوە (ئەرجایۆس Argaeus) بەبەرزی (٤٠٠٠ م)، ئەمەش بەبەرزترین شوێن لە ئاسیای بچوك ئەژمار دەكرێت[١٩].

لە چیاكانی (فریجیا) یشەوە واتە رۆژئاوای بانی ناوەراست زنجیرە چیاكانی (تیمنوس Temnos)، (بوزداغ Bozdag) لە كۆندا پێی وتراوە (تمولوس Tmolus)، و چیاكانی (میسوجیس Messogis) كە هاوسنوری دۆڵ و رووبارەكانی (كەیكۆس Caicus)، (هیرمۆس Hermus)[٢٠]، (میاندر Maeander)، و (كایستر Cayster)ن، ڕێرەوی ئەم رووبارانەش بە شێوەیەكی ئاسایی لە رۆژهەلآتەوە بەرەو رۆژئاوایە، واشی كردوە گەیشتن بەناوچە گرنگەكانی ناوەوە ئاسان بێت، ڕێرەوی رووباری (كەیكۆس) بەرەو باكوری رۆژئاوای (برجامون)ە[٢١]، رووباری (هیرمۆس) بەدۆڵێكی تەسكدا لێژاییەكانی باشوری (ساردیس Sardis) و (فیلادلفیا Philadelphia)، پاشان دەگاتە (سمیرنا Smyrne) لە كەناری رۆژئاوای ئاسیای بچوك[٢٢]. هەرچی رووباری (كایستر)ە دەگاتە دەریای (ئیجە Aege) لە باكوری (ئیفسۆس) پاش ئەوەی كە بەشارەكانی (فریجیا) ی ناوەوەدا دەروات[٢٣]، رووباری (میاندار)یش بە (فریجیا) دا دەروات، پاشان لە دەشتی (میاندر) سنورێك دروست دەكات لە نێوان (كاریا) و (لیدیا)، دوای ئەوەش بە (كاریا) دا دەروات تاوەكو لە كۆتاییدا دەگاتە كەناری رۆژئاوای ئاسیای بچوك لە نێوان (میلیتۆس) و (پرین) ە دەرژێتە دەریای (ئیجە)[٢٤]، بانەكەش بە شێوەیەك كۆتایی دێت لە شێوەی پەیژەیەكدا دەگاتە ناوچەكە[٢٥] لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە كە بۆچی هەر داگیركەرێك دێت بۆ ناوچەكە بیر لە داگیركدنی ناوچەی رۆژئاواو باكوری رۆژئاوای ئاسیای بچوك دەكاتەوە ؟.

رووباری (هالیس Halys) بە یەكێك لە رووبارە بەناوبانگ و گرنگەكانی تر ئەژمار دەكرێت، لە نیمچە دورگەیەكدایە و درێژیەكەی (٦٠٠ كم) و لە چیاكانی (ئەرمینیا) [٢٦] دوە هەڵدەقولێ و پاش دەورانێكی گەورە لە باشوری رۆژئاوا و

(١٨) Von der Osten, H.H., Op. Cit., p.٨٢.

(١٩) وفاء عدنان عمار، المصدر السابق، ص٥.

(٢٠) Strabo, ١٢. ٣. ٢٧.

(٢١) Bury, J. B, & Others., Op. Cit., p.٤.

(٢٢) Ibid., p.٤.

(٢٣) Howard F, Vos., Op. Cit., p.٤١٩.

(٢٤) Strabo, ١٢. ٨. ١٥.

(٢٥) Von der Osten, H.H., Op. Cit., p.٨٥.

(٢٦) Bury, J. B, & Others., Op. Cit., p.٤.

بەناو (بۆنتس)دا دەرژێتە دەریای رەشەوە(٢٧). رووباری (سانجاریوس Sangarius) کە درێژیەکەی (٣٠٠ کم) لە (فریجیا) ەوە هەڵدەقوڵێ و پاش خولێکی گەورە لە رۆژهەلاتدا و بەناو (پیسینیا) دا بە هەمان شێوەی رووباری (هالیس) دەرژێتە دەریای رەش(٢٨). پاشان رووباری (سیستریوس Sistrius) دێت، بە رووبارێکی سەرەکی دادەنرێت لە (بامفیلیا) و درێژیەکەی (٨٠ کم)، دوای ئەویش رووباری (کالی کادنوس Calycadnus)ە، ئەمیان لە (کلیکیا) ی رۆژئاواوە هەڵدەقوڵێ و درێژیەکەی دەگاتە (١٥٠کم). لەدوای ئەم رووبارانەش گەورەترین دەریاچە بریتیە لە (تاتا Tatta)، پێشی دەوترێ دەریاچەی (خوێ)، دەکەوێتە ئەودیوی (گالاتیا) ەوە بە ئاراستەی باشور لەسەر سنوری (کپادۆکیا)، بەلام بەبەشێکی (فریجیا) ی گەورە دێتە ئەژمار کردن(٢٩)، (کارالیس Caralis)یش دەریاچەیەکی گرنگەو و پێشی دەوترێ دەریاچەی ئاوی شیرین، دەکەوێتە باشوری رۆژهەلاتی (ئەنتاکیە Antioch) لە (پیسیدیا)، هەروەها دەریاچەی (لیمنایا Limnai) دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای (ئەنتاکیە) لە (پیسیدیا)(٣٠).

لەگەڵ ئەوەی چیاکانی ئاسیای بچوک بەربەستی زۆر لە نێوان بەشەکانیدا دروست دەکەن، بەلام رێرەوی ستراتیجی تێدا بەدی دەکرێت، لە گرنگترینیان دەرگاکانی (کیلکیا) لە باکوری (تۆرۆس)ە، دوو رێرەوی تریش هەیە کە رێگای هاتوچۆیان دروست کردوە لە (ئەتالیا/ئەنتالیا Attalia) ی ئێستا بۆ (لائودیکیا Laodicea) لە (پیسیدیا)، رێرەوێکی تریش هەیە لە نێوان (سلیوقیا) لە (کلیکیا)ی رۆژئاوا بۆ (لارندا Laranda) لە ناوەوەی (کاریا)، کۆتا رێرەو دەکەوێتە نێوان (کپادۆکیا) ی ناوەراست و (کلیکیا) ی رۆژهەلات(٣١).

چیاکانی ئاسیای بچوک سەرچاوەیەکی گرنگی سامانی کانزایی بوونە، وەك مس و تەنەکەو قورقوشم ..هتد، سەرەرای دەرهێنانی بەردی مەرمەری سپی و رەنگاورەنگ، سەرچاوەیەکی سەرەکی دار بوەو ژمارەیەکی زۆر دارستانی سنەوبەرو بەرِوو لە چیاکانی باکورو باشوردا هەبوونە(٣٢)

## بەشی دووەم

## هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیۆنی و قۆناغەکانی

١. **دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخمینی تا رووخانی شانشینی (لیدیا Lydia):** پاش داگیرکردنی (نینوی Nineveh) ی پایتەختی ئاشووریەکان(٣٣) کە لە ئەنجامی هاوپەیمانێتی نێوان (میدییەکان Medes)(٣٤) و

(٢٧) Strabo, ١٢. ١٢.٣.٩-١٢.
(٢٨) Strabo, ١٢. ٣. ٧.
(٢٩) Strabo, ١٢. ٥.٤.
(٣٠) Howard F, Vos., Op. Cit., p.٤٢٠.
(٣١) Ibid., Op. Cit., p.٤١٦.
(٣٢) Bleda S. Düring., Op. Cit., p.٨-١٠.

(٣٣) ئاشور: پایتەختی یەکەمی ئاشووریەکانە، دەکەوێتە کەناری لای راستی رووباری دیجلەوە، بە دووری (١١٠ کم) لە باشوری موصل، مێژووی ئەم شارە هەر لەسەرەتای نیشتەجێبوونی مرۆڤەوە دەست پێدەکات تاوەکو سەرەتای سەدەکانی زایینی، رەسەنێتی ئەم ناوە دەگەرێتەوە بۆ ناوی سەرۆکی خواوەندەکان و، بە (السید العظیم ملك جمیع الآلهة) وەسف دەکرا، شایانی باسە شاری ئاشوور بە یەکێك لە گرنگترین مەڵبەندەکانی شارستانی باکوری وڵاتی نێوان دوو رووبار دێتە ئەژمارکردن. بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

Gelb ,I,J., “Hurrians and Subarians” , *Oriental Institute Publications*, Vol.٢٢, (١٩٤٤), pp.٢٣-٣١; Finkelstein, J. J., “Subartu and Subarians”, *Journal of Cuneiform Studies*, Vol. ٩, No.١, (١٩٥٥), p.٤.

بابلیەکان (کلدییەکان)[٣٥] ەوە لە ساڵی ٦١٢ پ.ز رووخێنراو[٣٦] ئەنجامەکەشی دابەش کردنی ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو لە نێوان خۆیاندا[٣٧]، پاشانیش کشانەوەی میدییەکان لەوناوچانە بواری ئەوەی بۆ پاشای کلدی (نبوبلاصر Nabulaser) (٦٢٦-٦٠٥ پ.ز) رەخساند کە ئەرمینیا (شانشینی ئورارتو Urartu)[٣٨] داگیربکات، بەو پێیەی کە هەرێمێك بوە لە ژێر دەسەڵاتی ئاشووری، بەواتایەکی تر دان پێدانانی میدییەکان بوو بەوەی کلدییەکان جێگرەوەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورین[٣٩].

ئەم بارودۆخە سیاسییە نوێیە زۆری نەخایاند وەك ئەوەی میدییەکان بۆی چووبوون[٤٠] ، بەڵکو ئەو هۆزە فارسیە شوانکارانەی کە نیشتەجێی باشووری ئێران بوون لەم ماوەیەدا هەوڵی بەدەستهێنانی فەرمانڕەوایەتییان دەدا، بەوەی دەستبگرن بەسەر ئەو شانشینانەی ژێر دەسەڵاتی میدییەکان[٤١]، یەکێك لەسەرکردە بەتواناکانی ئەم هۆزانە بەناوی (تایسبس کوری هاخامانیش) بوو، توانی دەست بەسەر دەوڵەتۆکەی (ئەنشان Anzanu)[٤٢] دا بگرێت[٤٣].

لەپاش ئەم پاشایە دوو لە کوڕەکانی بەناوی ( کورشی یەکەم Cyrus I ) و (ئاریارامنا Aryaramna) فەرمانڕەوای باشووری ئێران بوون[٤٤]، پاشان (قەمبێزی یەکەم Cambyses) هاتە سەر دەسەڵات و هاوسەرگیری

---

(٣٤) میدییەکان: بە یەکێك لە گەلانی کۆنی چیاکانی زاگرۆس ئەژماردەکرێت، لقێکن لە گەلانی (هیندۆ-ئەوروپی)، لەسەرەتادا لە رۆژهەڵاتی دەریای قەزوین نیشتەجێ بوونە، پاشان لەچەندین ناوچەی تری جیاوازدا ژیاون وەك سنووری نێوان چین و حەوزی رووباری دانوب و دەشتەکانی باشوری روسیا. بروانە: فاتح عبد الله محمد، العلاقات السياسية والعسكرية بين الآشوريين والميديين خلال الفترة (٩١١-٦١٢) قبل الميلاد، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية، (السليمانية : ٢٠٠٨)، ص١١٨ ؛ عادل هاشم علي، "الدولة الميدية (٧٤٥ ق.م -٥٥٠ ق.م) أول إمبراطورية في تاريخ إيران القديم"، مجلة دراسات إيرانية، العدد ١٣، (٢٠١١)، ص٤٩.

(٣٥) کلدییەکان: لقێکی هۆزەکانی (ئارامی)ین، لە نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە هاتوون و لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز لە باشوری شاری بابل (دەکەوێتە باشوری بەغداد بە دووری ٩٠ کم، و نزیکی شاری حلەی ئێستا) نیشتەجێ بوونەو توانیان لەماوەی نێوان ساڵانی (٦٢٦-٥٣٩ پ.ز) حوکمرانی وڵاتی نێوان دوو رووبار بکەن. بروانە: مارغريت روتن، تاريخ بابل، ترجمة: زينة عازار و ميشال ابي فاضل، (بيروت: ١٩٧٥)، ص١٠؛ عامر سليمان واحمد مالك الفتيان، محاضرات في التاريخ القديم، (الموصل: ١٩٧٨)،ص١٩٩.

(٣٦) رضوان صباح محمد سليمان الحيالي، سقوط نينوى ٦١٢ ق.م دراسة تحليلية في الأسباب والنتائج، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الموصل، كلية الآداب، (الموصل:٢٠٠٩)، ص ص٩٨-١١٣.

(٣٧) سامي سعيد الأحمد، سلالة بابل الحديثة (العراق في التاريخ)، (بغداد: ١٩٨٣)، ص١٦٤.

(٣٨) ئورارتو : ناوی ئورارتو بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا لە تۆماری ئاشووریەکاندا و بەتایبەتیش لە سەردەمی پاشا (شیلمنصری یەکەم) (١٢٧٤-١٢٥٤ پ.ز) دەرکەوت، ئەم پاشایە لە هەڵمەتە سەربازییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە وڵاتی ئورارتوی داگیرکردوەو ناچاری کردوون باجێکی قورس بدەن، هەرچی زمانەکەشیانە (ئورارتو یاخود ئەلوانی یاخود خالدی)ە کەوا زمانی نێوخۆیی بەرزاییەکانی وڵاتی (نائیری) و ناوچەی دەریاچەی (وان) و هەروەها وڵاتی (ئورارتو) بوە کە هەندێك بەشی دەکەوێتە وڵاتی (ئەرمینیا) ی ئێستا، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە خۆیان وتوە (خالدیەکان) کە بۆ خواوەندی نەتەوەییان (خالدیا) دەگەڕێتەوە، بە زمانەکەشیان وتوە (زمانی خالدی). بروانە: عبد الله امين اغا وميسر سعيد العراقي، نمرود (كالح)، (بغداد:١٩٧٦)، ص٨.

(٣٩) مؤيد سعيد، العراق خلال عصور الاحتلال (الأخميني – السلوقي – الفرثي –الساساني) ( العراق في التاريخ)، (بغداد:١٩٨٣)، ص٢٣٥.

(٤٠) جايمس هنري براستد، العصور القديمة، ترجمة: داود قربان، (بيروت:١٩٢٦)، ص١٨.

(٤١) يحيى الخشاب، التقاء الحضارتين العربية والفارسية، (القاهرة : ١٩٦٩)، ص٧.

(٤٢) ئەنشان: سەنتەرێکی شارستانی گرنگ بوو، لە هەزارەی سێیەمی پ.ز لە باشوری ئێراندا دەرکەوت، ناوبانگەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ لەهەندێ قۆناغی مێژوویدا وڵاتی عیلام بەم هەرێمەوە ناسراوە. بروانە: طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الطبعة الثانية، الجزء الثاني، (بغداد : ١٩٥٦)، ص٣٨١.

(٤٣) رضا شعباني، مروری کوتا برتاريخ إيران از آغاز عصر مادها تا بايان دوران قاجاريه، چاپ اول، (تهران:١٣٨٠)، ص٣٠.

(٤٤) عبد الحسين زرين كوب، تاريخ مردم إيران (إيران قبل از اسلام)، چاپ هفتم ، جلد اول، (تهران:١٣٨١)،ص٩٨.

لەگەڵ کچی پاشای میدیادا کرد[٤٥]، لەم هاوسەرگیرییەدا کوڕێك لەدایك بوو بەناوی (کورشی دووەم Cyrus II) یاخود (کورشی گەورە Cyrus the Great)[٤٦]، کە بە دامەزرێنەری بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئەخمینی ئەژمار دەکرێت[٤٧]، سەرەتا بوە فەرمانرەوای (انشان) و پاشان لە پاشای میدی (ئەستیاجیز Astyages) کە دەکاتە باپیری هەڵگەرایەوەو بەدیل گرتی[٤٨]، لە ساڵی (٥٥٠ پ.ز) دا توانی دەست بەسەر (هەمەدان = ئەکباتانا Ecbatana)[٤٩] دا بگرێت، ئەم رووداوە مێژووییە گرنگەش هاوکات بوو لەگەڵ ساڵی سێیەمی حوکمرانی پاشای بابل (نابونائیدNabonid ) (٥٥٥–٥٣٩ پ.ز)[٥٠].

بەم شێوەیە کورشی گەورە توانی دەسەڵاتی میدییەکان کۆتایی پێ بێنێت[٥١]، شاری هەمەدانیشی بە پایەختی دەوڵەتەکەی دەستنیشان کرد[٥٢]، هەموو ئەو رێککەوتن و پەیماننامانەشی هەڵوەشاندەوە کە میدییەکان کردبوویان لەگەڵ شانشینەکانی هاوسێ و دەروبەر[٥٣]، لەوانە ئەو هاوپەیمانیەی کە بەسترابوو لە نێوان میدییەکان و کلدیەکاندا لە وڵاتی بابل[٥٤].

لە هەمان کاتدا (کورشی گەورە) سەرقاڵی پلاندانان بوو دژی سێ زلهێزی ئەوکاتەی گۆرەپانەکە لە رۆژهەڵاتی نزیکی کۆن ئەوانیش (بابل، میسر، لیدیا) بوون و، ئامانجی باسەکەی ئێمە بریتیە لە شانشینی (لیدیا)، لەوکاتەشدا سەرجەم شارە ئەیۆنیەکانی ئاسیای بچووك لەژێر قەلەمرەوی (لیدیا)دا بوون، لەسەردەمی کۆتا پاشای ئەو شانشینەشەدا بەناوی (کرویسوس Croesus) (٥٦١–٥٤٦ پ.ز) لەو پەری گەشەسەندن و پێشکەوتندا بوون[٥٥]. سەرەڕای ئەوەی (کرویسوس) پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ (میسر) هەبوو لەسەر بنەمای هاوکاری کردنی یەکتری، ئەمە بێجگە لەو پەیوەندییانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش هەیبوو لەگەڵ هەریەك لە (ئاشووریەکان) و (بابلیەکان)، ئەمەش دەگەڕێتە بۆ شوێنە ستراتیجییەکەی و کردبووی بەیەکێك لەناوەندە بازرگانیە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم پاشایە لەدەوروبەری کۆتایی دەسەڵاتیدا هاوپەیمانیەتێکی هاوبەشی پێك هێنابوو لەگەڵ هەریەك

(٤٥) Briant, P., A History of the Persian Empire, From Cyrus to Alexander, Translated by. Daniels, P.T., (USA : ٢٠٠٢), p.٣٢.

(٤٦) دونالد ولبر، إيران ماضيها وحاضرها، ترجمة: عبد النعيم محمد حسين، مراجعة: إبراهيم امين الشواري، (القاهرة : ١٩٥٨)،ص٢٩.

(٤٧) ادون بفن، ارض النهرين، ترجمة: الاب انستاس ماري الكرملي والأب لويس مرتين الكرملي، (بغداد : ١٩٦١)، ص٥٨.

(٤٨) Briant, P., Op. Cit., p.٣٣.

(٤٩) هەمەدان : دەکەوێتە کۆتاییەکانی رۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، چواردەورەکەی لووتکەیەکی بەرزەو (٣٦٠٠م) لە ئاستی رووی دەریا بەرزە، لووتکەکەشی بەشێکە لە زنجیرە چیایەك کە ناهێڵی هاتووچۆ پێیدا بروات، ئەم لووتکەیە لە باکورەو بۆ باشوور درێژ دەبێتەوە و تەنها لە گەروویەکی بەرزەوە کە هەمەدان دەکەوێتە ناوی و لە رێگەی زنجیرەی زاگروسەوە رێگای پەرینەوە هەیە بۆ دەشتی بابل. بڕوانە: سامي سعيد الأحمد ورضا جواد الهاشمي، تاريخ الشرق الأدنى القديم، إيران والاناضول، (بغداد : دون تاريخ)، ص٩٣.

(٥٠) طه باقر وآخرون، تاريخ إيران القديم، (بغداد : ١٩٧٩)، ص٤٧.

(٥١) محمد كامل عياد، تاريخ اليونان، الطبعة الثالثة، (دمشق:١٩٨٠)، ص٢٥٥.

(٥٢) Thirlwall, C., A History of Greece, Cambridge Library Collection, Vol.٢, (Cambridge:٢٠١٠), p.١٦٥.

(٥٣) سامي سعيد الأحمد وجمال رشيد، تاريخ الشرق القديم، (بغداد:١٩٨٨)، ص٣٧٢.

(٥٤) علي ظريف الأعظمي، تاريخ الدول الفارسية في العراق، (بغداد :١٩٢٧)، ص٨.

(٥٥) هـ.د.كيتو، الإغريق، ترجمة: عبد الرزاق يسرى، مراجعة: محمد صقر خفاجه، (القاهرة : ١٩٦٣)، ص١٤١.

(بابل، میسر، سپارتە)، بەمەبەستی رێگرتن لە فراوانخوازی ئەخمینی لەناوچەکەدا[٥٦]. لە لایەکی ترەوە خاڵی لێك جیاکەرەوەی نێوان ئەخمینی و لیدیا بریتی بوو لە شانشینی (میدیا)، کە ئەویش لەسەر دەستی (کورشی گەورە) کۆتایی پێهات، بۆیە پاشای ئەخمینی ئامانجی ئەوە بوو بگاتە ئاسیای بچووك وەك بەشێك لە پلانەکانی بۆ گەیشتن بە کەنارەکانی دەریای (ئیجە) لە پێناو مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی بازرگانی دەوڵەتەکەی لەو ناوچەیەدا[٥٧]، بۆیە دەبینین شانشینی (لیدیا) بوە ئامانجی یەکەمینی ئەخمینیەکان، پاشان بەهۆکاری هەبوونی پەیوەندی بەهێزیش لەنێوان (میسر) و (لیدیا) وای لە (کورشی گەورە) کرد هاوپەیمانی لەگەڵ (بابل) ببەستێت لەبەرانبەر هاوپەیمانێتی یەکەم کە بریتی بوو لە هاوپەیمانیەتی نێوان (میسر، لیدیا، سپارتە)[٥٨].

لەسەر ئەم بنەمایە (کورشی گەورە) بە سوپاکەیەوە لە (ئەکباتانە) ەوە بەرەو رووباری (هالیس) بەرێکەوت و پێش پەرینەوەشی لە رووبارەکە نوێنەری نارده لای شارە ئەیۆنیەکان و داوای لێکردن راپەرین دژی پاشای (لیدیا) ئەنجام بدەن، بەڵام ئەو شارانە داواکارییەکەیان رەت کردەوەو لەم کاتەدا (کرویسوس) خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئەخمینی ئامادەکرد[٥٩]. لە هەمان کاتدا نوێنەری نارده لای فالگرەوەکانی وڵاتی یۆنان بۆ راوێژکردن دەربارەی ئەم جەنگە و پرسیاری ئەوەی لێکردبوون کە ئایا ئەگەر لە رووباری (هالیس) بپەرێتەوە چی روودەدات؟ ئەوانیش پێیان راگەیاندبوو بە پەرینەوە لە رووباری ناوبراو شانشینێکی مەزن لەناودەچێت بەبێ ئەوەی ناوی شانشینەکە دیاری بکەن، کە ئایا دەوڵەتی ئەخمینیە یان شانشینی لیدیا[٦٠].

بە بیستنی ئەم هەواڵەی فالگرەوەکان، پاشای لیدیا یەکسەر بە هێزێکی سەربازیەوە لە رووباری (هالیس) پەڕیوەو، بەرەو ئاراستەی رۆژهەڵات جوڵاو پاشان رووی کردەوە رۆژئاوا بۆ رووبەرووبونەوە، دیارە سوپای ئەخمینی لە رووی رێکخستن و ژمارەو پرچەکبوونەوە زیاتر بەهێز بوون، لەم رووبەرووبونەوەیەدا سوپای لیدیا نەیتوانی خۆی راگرێت و بەرەو پایتەخت (ساردیس) شکان و کشانەوە[٦١]، بۆیە سوپای ئەخمینی توانی گەمارۆ بخاتە سەر قەڵای شارەکەو پاش دوو هەفتە لە شەرێکی قورس توانرا پایتەختی لیدیا (ساردیس) داگیر بکرێت لە ساڵی (٥٤٦ پ.ز)[٦٢]، پاشان پەرژینەکانی دەوروبەری شار بروخێنرێت و بسوتێنرێت، هەرچی سەروەت و سامانی بەنرخیش هەیە دەستی بەسەردا بگیرێت، سەرەرای بە دیلگرتنی پاشا و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی، بەم شێوەیە (ساردیس) بوە یەکێك لە (ستراپ Satrap)[٦٣] ی دەوڵەتی ئەخمینی و کەسێکی بەرەگەز فارسی بە (مەزربان) بۆ دیاری کرا بەناوی

(٥٦) ايمان لفته حسين، " مملكة ليديا (٦٨٧–٥٤٦ ق.م) تاريخها وحضارتها"، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، المجلد الرابع، العدد الثالث، (٢٠١٤)، ص٣١٣.

(٥٧) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٥٦.

(٥٨) فيان موفق النعيمي وياسر عبد الواحد المشهداني، تاريخ اليونان والرومان في الشرق الأدنى،الطبعة الأولى، (عمان : ٢٠١٣)، ص٤٩.

(٥٩) ايمان لفته حسين، المصدر السابق، ص٣١٣.

(٦٠) هـ.د.كيتو، المصدر السابق، ص١٤١.

(٦١) Bury, J.B & Meiggs, R., A History of Greece To The Death Of Alexander The Great, ٤th Edition , (London:١٩٧٥), p.١٤١.

(٦٢) هـ.د.كيتو، المصدر السابق، ص١٤٢.

(٦٣) ستراپ: زاراوەیەکی فارسیە بەمانای ویلایەتێك یاخود هەرێمێکی کارگێڕی دێت و ئەو کەسەشی کە دەبێتە حاکمی ئەو شوێنە پێی دەوترێت (شتراپڤان = والی) یاخود (حاکمی ویلایەت). بروانە: سامي سعيد الأحمد ورضا جواد الهاشمي، المصدر السابق،ص١٠٥.

(تابولوس Tabalus) بۆکاروباری کارگێری و سیاسی، کەسێکی تریش کە بەرەگەز لیدی بوو بەناوی (پاکتیاس Packtyas) کرا بە لێپرسراوی ئەو سەروەت و سامانەی دەستی بەسەردا گیرابوو[٦٤].

قۆناغی پاش خۆبەدەستەوەدانی (ساردیس) بریتی بوو لەوەی شارە ئەیۆنیەکان بە زنجیرەو یەك لەدوای یەك نوێنەریان ناردە لای پاشای ئەخمینی بەمەبەستی خۆبەدەستەوەدان، بەڵام داواکاریەکەیان رەتکرایەوە بەهۆی بوونی پەیوەندییان لەگەڵ شانشینی لیدیادا[٦٥]، هەر بۆیە پرۆسەی داگیرکردنی شارەکان بە فەرماندەیەکی میدی بەناوی (هەرپاگۆس Harpagus) سپێردراو ئەویش توانی لەساڵی (٥٤٥ پ.م) سەرجەم شارەکانی ئەیۆنی لە ئاسیای بچووك بخاتە ژێر قەڵەمرەوی دەسەڵاتدارێتی ئەخمینیەوە[٦٦]، پاشان وەك سەرجەم ویلایەتەکانی تری ئەخمینی کاروباری شارە ئەیۆنیەکانی دایە دەست لایەنگرانی خۆی و باجێکی ساڵانەی لەسەر دانان[٦٧]، فەرمانڕەواکانیش لە پێناو مانەوەیان لە پلەو پایەی خۆیاندا بە دڵسۆزی فەرمانەکانی پاشایان جێبەجێ دەکرد[٦٨].

بەم شێوەیە دەبینین یەکەمین بەریەککەوتنی شارستانێتی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە رێگەی داگیرکردنی (لیدیا) ەوە دەبێت و شارە یۆنانیەکانی بەری ئاسیا بۆ یەکەمینجار لە مێژووی خۆیاندا دەکەونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەخمینیەوە[٦٩]، هەروەها دەتوانین بڵێین لە نێوان ساڵانی (٥٤٥–٤٩٩ پ.ز) پەیوەندی دەوڵەتی ئەخمینی و حاکمەکانی شارە ئەیۆنیەکان لە ئاسیای بچووك لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوولا بنیاد نرابوو، هیچ جوڵانەوەیەکیش لەوماوەیەدا روونەدا کە شایانی باس کردن بێت[٧٠].

لەم مێژوە بەدواوە کاریگەرێتی هەردوو شارستانیەت لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا لەسەریەکتر دەردەکەوێت کە کاری ئەم باسە نییەو پێویستی بە توێژینەوەی سەربەخۆیە، هەرلەبەرئەم هۆکارەشە راستەخۆ دەچینە سەر بابەتی ئەو شۆڕشەی کە شارە ئەیۆنیەکان دەستیان پێکرد دژ بە دەسەڵاتی ئەخمینی ئەویش پاش داگیرکردنی شارەکانیان بوو بۆماوەی زیاتر لە نیو سەدە.

## ٢. شۆڕشی ئەیۆنی لە ئاسیای بچووك (٤٩٩-٤٩٤ پ.ز)

أ. **هۆکارەکانی شۆڕشەکە:** بێگومان هەموو شۆڕش و راپەرینێك لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی مرۆڤایەتیدا بەپاڵنەری کۆمەڵە هۆکارێك بووە، جا ئەو هۆکارانە چ سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، یان رۆشنبیری بو بێت، هەریەکەو بەپێی قورسایی خۆی کاریگەری لە بەرپابوونیدا هەبوە، هەر بۆیە دەبینین پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی پاشای ئەخمینی (داریوسی یەکەم)[٧١]، یەکەمجار دەستی کرد بە دامرکاندنەوەی ئەو شورش و راپەرینانەی لە

(٦٤) أ.ت.أولمستد، الإمبراطورية الفارسية عبر التاريخ، ترجمة: مجموعة مترجمين، الطبعة الأولى ، المجلد الأول، (بيروت : ٢٠١٢)، ص٧٦.

(٦٥) عاصم أحمد حسين، المدخل إلى تاريخ وحضارة الإغريق، الطبعة الرابعة، (القاهرة:١٩٩٣)، ص١٩٠.

(٦٦) Burn, A.R, Persia and the Greeks, The Defense of the West ٥٤٦-٤٧٨ B.C, (U.S.A: ١٩٦٨), p.٣٩.

(٦٧) لطفي عبد الوهاب يحيى، تاريخ اليونان والرومان موضوعات مختارة، (الإسكندرية : ٢٠٠٩)، ص١٠٨.

(٦٨) فيان موفق النعيمي وياسر عبد الواحد المشهداني، المصدر السابق، ص٥٢.

(٦٩) سامي سعيد الأحمد وجمال رشيد، المصدر السابق، ص٣٧٢.

(٧٠) محمود فهمي، تاريخ اليونان، تقديم: محمد زينهم محمد عزب، (القاهرة:١٩٩٩)، ص٨١.

(٧١) Cameron, G.G., "Darius and Xerxes in Babylonia", *American Journal of Semitic Languages and Literatures*, Vol.٥٨, No.٣, (Jul.,١٩٤١), p.٣١٥.

ئەنجامی بۆشایی سیاسی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتدا روویاندا لە هەریەکە لە بابل، میسر، و شام[٧٢]، پاشان دەستی کردەوە بە ڕێکخستنی لایەنی کارگێری دەوڵەتەکەی، بەوەی دەوڵەتەکەی بۆ بیست ویلایەت دابەشکرد و هەمووشی بە ناوەندی دەسەڵاتەکەی بەستەوە لە (سوسە Susa)[٧٣]، حاکمی هەر ویلایەتێکیش نوێنەری پاشا بووەو یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەبوە[٧٤]. لەدوای ئەوە دەستی بە فراوانخوازیەکانی کرد بەرەو (دوورگەی قبرس Kypros)[٧٥] و دوورگە یۆنانیەکانی بەرانبەر کەنارەکانی ئاسیای بچووک، دوای ئەوە بەرەو ڕۆژئاوا بۆ دوڵی (دانوب) و بەرەو ڕۆژهەلات بۆ دوڵی (سند) و ناوچەی ئەو دیوی رووبار (ئۆکسس Oxses)[٧٦]، بەمشێوەیە پەیوەندی راستەخۆی گرێدا لە نێوان شارستانیەتی ڕۆژهەلات و هیند لەلایەك، پاشان شارستانیەتی یۆنان و باکوری ڕۆژهەلاتی ئەوروپا لەلایەکی ترەوە[٧٧]. بۆیە دەبینین دەوڵەتی ئەخمینی لەسەردەمی (داریوسی یەکەم) دا گەیشتە سەردەمێکی زێرین لە پێشکەوتن و گەشەسەندندا لەسەرجەم بوارەکان، لەماوەیەکی کەمدا ئاسایشی سەقامگیر کردو برەوی بە جووڵەی ئابووریدا لەگشت ویلایەتەکانی سەر بە دەوڵەتەکەی جگە لە شارە ئەیۆنیەکان، مەبەستی لەم هەنگاوەش پشتگوێخستن و گرنگی نەدان بوو بە بوژانەوەی لایەنی بازرگانی ئەو شارانە[٧٨]، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ مەترسی پاشا لە بەهێزبوونیان و گەورەبوونی دەسەلاتیان، نەوەك ببنە خاوەن ئابووریەکی بەهێزی دوور لە دەسەلاتی ناوەند و بڕیار لە چارەنووسی خۆیان، یان لە پێك هێنانی هێزێکی سیاسی گەورە بدەن و ببنە مەترسی راستەقینە بۆسەر دەوڵەتەکە[٧٩].

لەم بارودۆخەدا شارە ئەیۆنیەکان هەستیان بەوە کردبوو پاشای ئەخمینی دەیەوێ لەلایەنی سیاسی و ئابوریەوە کەنارگیریان بکات، بەتایبەتی پاش ئەوەی بینیان کە ئەم پاشایە وەك پاشاکانی پێشتر لە خۆی نییە بەوەی تەنها پشت بە حاکمەکانی شارەکان ببەستێت[٨٠]، بەڵکو وەك ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا سەرجەم ویلایەتەکانی بە سیستەمێکی نامەبردنەوە گرێدا، تەنانەت وای کرد ماوەی نێوان ئەیۆنیاو پایتەختی دەوڵەتی ئەخمینی بۆ دوو هەفتە کورت بکاتەوە کە پێشتر دووری نێوانیان سێ مانگی رەبەق بوو، ئەمەش بوە هۆکاری ئەوەی ئەیۆنیەکان هەست بکەن بەبەردەوامی و بە شێوەیەکی تۆکمە چاودێری دەکرێن[٨١].

---

(٧٢) طه باقر وآخرون، المصدر السابق، ص٥٤.

(٧٣) حسن كريم الجاف، الوجيز في تاريخ إيران دراسة في التاريخ السياسي من تاريخ الاسطوري إلى نهاية الطاهريين، الطبعة الأولى، الجزء الأول، (بغداد : ٢٠٠٣)، ص٤٨.

(٧٤) عبد الله رازى، تاريخ كامل إيران از تأسيس سلسله ماد تا انقراض قاجاريه، مصحيح.كاظم زاده إيرانشهر، چاپ سيزدهم، (تهران:١٣٧٦)، ص٢٥.

(٧٥) دوورگەی قبرس: دەکەوێتە کۆتایی ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەراست و ئەو ڕێگایانەی کە ڕۆژهەلات بە ڕۆژئاوا و باکور بە باشوور دەگەیەنن، بەڵگە شوێنەواریەکانیش ئەوەیان سەلماندوە کە پێش سەردەمە مێژوویەکان نشینگە لەم ناوچانەدا هەبووە. بڕوانە: د.ق.سبيريذاكيس، موجز تاريخ قبرص، ترجمة: يعقوب كامل الطليحى، (الإسكندرية:١٩٧١)، ص١٦.

(٧٦) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٥٩.

(٧٧) إبراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق واثره في تأريخه العام حتى الفتح الإسلامي،الجزء الثاني، (بغداد : دون تاريخ )، ص١٩٣.

(٧٨) لطفي عبد الوهاب يحيى، المصدر السابق، ص١٠٨.

(٧٩) مفيد رائف العابد، دراسات في تاريخ الاغريق، (دمشق: ١٩٨٠)، ص٨٠.

(٨٠) عاصم أحمد حسين، المصدر السابق، ص١٩٢.

(٨١) سيد أحمد علي الناصري، الإغريق تاريخهم وحضارتهم من حضارة كريت حتى قيام إمبراطورية الإسكندر الأكبر، الطبعة الثانية، (القاهرة:١٩٧٦)، ص٢٣٩.

وەك پێشتر باسمان كرد دەوڵەتی ئەخمینی مەترسی لە دروستبوونی ئابووریەكی بەهێز هەبوو دوور لە دەسەڵاتی ناوەند، بۆیە هەولێدا بازرگانی چالاكتربكات لەگەڵ فینیقیەكان لەسەر حسابی ئەیۆنیەكان، لە لایەنی سیاسیشەوە پشتگیری لە سیستەمی (ئۆلیگاركی= كەمینەی دەسەڵاتدار) دەكرد لە زۆربەی شارە ئەیۆنیەكاندا[٨٢]، چونكە هەڵس و كەوت و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم جۆرە سیستەمەدا ئاسانتر بوو[٨٣]، وەك لەگەڵ ئەو جۆرە سیستەمە باوەی (دیموكراتی) كە لە شارەكانی تری یۆناندا بوونی هەبوو[٨٤].

شتێكی سروشتی بوو كە بارودۆخی ئابووری ئەم شارانە بەرەو خراپ بوون بڕوات، بەتایبەت پاش سەپاندنی ئەو باجە زۆرو تاقەت پڕوكێنانەی كە بەسەریاندا سەپێنرابوو[٨٥]، هەروەها بڕوای ئەو شارانە وابوو لە پێناو گەشانەوەی لایەنی بازرگانیدا پێویستییان بە سەربەخۆیی سیاسی هەیە، ئەمەو سەرەرای ئەو بەناو سەربەخۆییەی هەیانبوو بەسترابوەوە بە مەزاجی حاكم یان والی یان پاشاوە، بەبەراورد بەو ئازادیە هزری و سیاسیەی كە دانیشتوانی شارەكانی تر هەیانبوو لە وڵاتی یۆنان[٨٦]، ئەم هۆكارانەش وای كرد زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەیۆنیا بیر لەبەرپاكردنی شۆڕشێك بكەنەوە، پێشیان وابوو ئەم كارە بە هاوكاری هاورەگەزەكانیان دەكرێت لە (وڵاتی یۆنان) بۆ رزگار بوون لە دەسەڵاتی ئەخمینی[٨٧].

لە لایەكی ترەوە حاكمی شاری (میلیتۆس) كە ناوی (هیستیایوس Histiaeios) بوو بە سروشتی خۆی حەزی لەسەركێشی دەكرد، ئەمەش وای كرد پاشای ئەخمینی لە كۆشكەكەی خۆی جێگیری بكات، لەسەر پێشنیاری (هیستیایوس) و بۆ بەرێوەبەردنی كاروباری شارەكە دەسەڵات رادەستی یەكێك لە نزیكەكان خۆی بەناوی (ئەریستاگۆراس Aristagoras) كرا، ئەم حاكمە نوێیەش بۆ ماوەی دوازدە ساڵ كاروبارەكانی شارەكەی بەرێوەدەبرد[٨٨].

لەم كاتەدا (ئەریستاگۆراس) پێشنیاری كرد لەگەڵ (ئەرتافرینیس Atraphernes)ی والی (ساردیس) و برای پاشای ئەخمینی، هێرشێكی هاوبەش ئەنجام بدەن بۆ دوورگەی (ناخۆس Naxos)[٨٩]، بەوەی دوورگەیەكی سەرەنج راكێش و بەپیتە و دەكەوێتە نزیك دەشتاییەكانی ئەیۆنیا و دەوڵەمەندە بە سەروەت و سامان و سەرچاوەیەكی گرنگە بۆ پەیدا كردنی كۆیلە، لە هەمان كاتدا دیاریەكی بە نرخیش پێشكەشی والی بكات وهەموو تێچووی هەڵمەتە سەربازییەكەش بگرێتە ئەستۆ[٩٠]. ئەمەو پاش وەرگرتنی رەزامەندی پاشای ئەخمینی و دابین كردنی (٢٠٠) كەشتی و هێزێكی گەورە لە سوپای ئەخمینی و هاوپەیمانەكانی بەسەركردایەتی برایەكی تری پاشا بەناوی (میگاپاتیس

---

(٨٢) ممدوح درويش مصطفى وإبراهيم السايح، مقدمة في تاريخ الحضارة الرومانية واليونانية، تاريخ اليونان، (الإسكندرية : ١٩٩٩)، ص٣٢.

(٨٣) عادل نجم عبو و عبد المنعم رشاد محمد، اليونان والرومان دراسة في التاريخ والحضارة، (الموصل : ١٩٩٣)، ص٨١.

(٨٤) مفيد رائف العابد، المصدر السابق، ص٨١.

(٨٥) عادل نجم عبو و عبد المنعم رشاد محمد، المصدر السابق، ص٨١.

(٨٦) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٦٤.

(٨٧) سيد أحمد علي الناصري، المصدر السابق، ص٢٣٨.

(٨٨) Bury, J.B & Meiggs, R., Op. Cit., p.١٥٤.

(٨٩) ناخۆس: دوورگەیەكە لە دەریای (ئیجە) لە رۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی یۆنان و رووبەرەكەی نزیكەی (٢٥٧ كم) چوارگۆشەیە، یەكێكە لە گرنگترین و گەورەترین دوورگەكانی (كیكلودیس Cyclodes). بروانە: فوزي مكاوي، تاريخ العالم الاغريقي وحضارته من أقدم عصوره حتى عام ٣٢٢ ق.م، الطبعة الأولى، دار الرشاد الحديث، (الدار البيضاء :١٩٨٠)، ص١٣٦.

(٩٠) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ترجمة. عبدالإله الملاح، مراجعة. أحمد السقاف و حمد بن صراي، (ابو ظبي:٢٠٠٢ )، ص٣٨٤.

Migapatys) ئامادە کرا[٩١]. دیارە پاش چوار مانگ لە گەمارۆدانی ئەو دوورگەیە (ئەریستاگۆراس) نەیتوانی لە ئامانجەکەیدا سەرکەوتوو بێت[٩٢]، ئەویش بەهۆی ناکۆکی و ململانێیی لەگەڵ (میگاپاتیس)[٩٣]. پاش ئەم سەرنەکەوتنە ترسی ئەوەی لێنیشت پاشا تۆڵەی لێبکاتەوەو سزای بدات بە دوورخستنەوەی لە دەسەڵات یاخود ناچار بکرێت بە بژاردنەوەی تێچووی هەڵمەتە سەربازییەکە[٩٤]، هەر لەوکاتەدا نامەیەکی لە (هیستیایوس)ەوە پێگەیشت و داوای لێکردبوو شۆرش بەرپا بکات[٩٥]، بە مەبەستی ئەوەی پاشای ئەخمینی فەرمانی پێبکات بۆ دامرکانەوەی ئەو شۆڕشەو بەمجۆرە بتوانێ لەو دەستبەسەریە رزگاری بێت[٩٦].

ب. **قۆناغەکانی شۆڕشەکە و دامرکانەوەی:** لەکاتی گەڕانەوەی (ئەریستاگۆراس) لە دوورگەی (ناخۆس)، دەستی بە کۆبونەوە کرد لەگەڵ نوێنەری شارە ئەیۆنیەکان و پرۆژەی دەست پێکردنی شۆڕشی خستە بەردەمیان[٩٧]، سەرجەم ئەو نوێنەرانە رەزامەندییان بۆ ئەو پرۆژەیە نیشاندا تەنها مێژوونووس و جوگراف زان (هیکاتیوس Hicateus) نەبێت، ئەو کۆمەڵێك پێشنیاری کرد، لەوانە، پێی وابوو پێش هەموو هەنگاوێك کەشتیگەلی جەنگی دروست بکرێت و گرنگی بە هێزی دەریایی بدرێت، بەڵام پێشنیارەکانی پشت گوێخرا[٩٨].

بەهەرحاڵ لە پایزی ساڵی (٤٩٩ پ.ز) دا شۆڕشگێرەکانی شاری (میلیتۆس) فرسەتیان هێناو دەستیان بەسەر ئەو کەشتیە جەنگیانەدا گرت کە لە دوورگەی (ناخۆس) ەوە گەڕابوونەوەو فەرماندەی کەشتیەکانیان دەستگیر کرد[٩٩]، ئەم کارەش سەرەتایەك بوو بۆ راگەیاندنی شۆڕش دژی دەسەڵاتی ئەخمینی[١٠٠]، پریشکی ئەم رووداوە گەیشتە شارە ئەیۆنیەکانی ترو جەماوەری شارەکان دەستیان کرد بە وەدەرنانی حاکمەکانیان، هەندێك لەوان شار بەدەر کران و هەندێکی تریان کوژران، دەسەڵاتیشیان رادەستی حاکمە سەربازییە هەڵبژێردراوەکان کرد[١٠١]. خودی (ئەریستاگۆراس) بۆ پیشاندانی نیەت پاکی و جێگیر کردنی سیستەمی دیموکراتی و دانانی حاکم لە رێگەی هەڵبژاردنەوە وازی لەدەسەڵات هێنا و ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ ئەژماردەکرا[١٠٢].

لەهەمان کاتدا شتێکی سروشتی بوو کە (ئەریستاگۆراس) وەکو سەرپەرشتیارێك بیر لەوە بکاتەوە داوای هاوکاری لە دوو بەهێزترین شارەکانی وڵاتی یۆنان بکات ئەوانیش (ئەسینا) و (سپارتە) بوون[١٠٣]، لە یەکەم هەنگاودا

---

(٩١) المصدر نفسه، ص٣٨٥.

(٩٢) محمد فهمي عبد الباقي، التاريخ اليوناني، الطبعة الأولى، (القاهرة :٢٠٠٨)، ص١٧٨.

(٩٣) Murray, O., "The Ionian Revolt" , *The Cambridge Ancient History*, Vol. IV, ٢Edition, (١٩٨٨), p.٤٧٣.

(٩٤) Briant, P., Op. Cit., p.١٤٦.

(٩٥) فيان موفق النعيمي وياسر عبد الواحد المشهداني، المصدر السابق، ص٥٣.

(٩٦) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٣٨٧.

(٩٧) Bury, J.B & Meiggs, R., Op. Cit., p.١٥٤.

(٩٨) محمد فهمي عبد الباقي، المصدر السابق، ص١٧٩.

(٩٩) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٣٨٧.

(١٠٠) Cassin-Scot, J., The Greek and Persian Wars ٥٠٠-٣٢٣ B.C, (British:١٩٧٧)., p.٣

(١٠١) أ.ت.أولمستد، المصدر السابق، ص٢٣٨.

(١٠٢) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٣٨٨.

(١٠٣) Briant, P., Op. Cit.,p.١٤٨.

سەردانی شاری (سپارتە) ی کرد[١٠٤]، پاش نیشاندانی نەخشەی جیهانی ئەوکات بە پاشا (کلومینیس Cleominis) و دەرخستنی ماوەی نێوان ولاتی یۆنان و پایەختی دەوڵەتی ئەخمینی (سوسە) و چەندین هەوڵی تر[١٠٥]، بەڵام نەیتوانی پشتیوانی سپارتیەکان بەدەست بهێنێ بۆ یارمەتیدانی شۆڕشەکە[١٠٦]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی کەنارگیری (سپارتە) کە لەو ڕووداوانەدا بەبەردەوامی پەیرەوی دەکرد[١٠٧].

لە هەنگاوی دووەمیدا و لە ساڵی (٤٩٨ پ.ز) سەردانی شاری ئەسینای کرد، لەبەردەم (ئەنجومەنی گەل) دا وتارێکی خوێندەوەو باسی زۆری سەروەت و سامانی ئاسیای بچووکی بۆ کردن، پاشان باسی بەئاسان سەرکەوتنی کرد بەسەر ئەخمینیەکاندا، کە هیچ یەکێك لەم هۆکارانە سەرەنجی ئەنجومەنی ناوبراوی ڕانەکێشا بۆ ناردنی هاوکاری[١٠٨]، لە دواییدا ئەوەی وەبیر (ئەنجومەنی گەل) هێنایەوە کە چۆن حاکمەکەی پێشوویان (هیپیاس ی کوڕی پیسیستراتۆس Hipyas Pisystratos) لە کۆشکی پاشای ئەخمینی نیشتەجێیەو پارێزگاری لێ دەکرێ و دەیەوێ بەیارمەتی ئەوان بگەڕێتەوە سەر دەسەلات لە ئەسینا[١٠٩]. ئەمەش (ئەنجومەنی گەل)ی هاندا بە حەماسەتێکی زۆرەوە بریاری ناردنی (٢٠) کەشتی بدەن بۆ بەهاناوە چوونی ئەیۆنیەکان، دوای ئەمەش شاری (ئەریتریا) لە دوورگەی (یۆبۆیا Euboea) بریاریدا بەناردنی (٥) کەشتی[١١٠].

بە بیستنی هەواڵ و ژمارەی کەشتیەکانی هەردوو شاری (ئەسینا) و (ئەریتریا) بۆ شۆڕشگێران، دانیشتوانی شارە ئەیۆنیەکان تووشی شۆك بوون بۆ ئەو یارمەتیە کەمەی لەلایەن هاورەگەزەکانیانەوە بۆیان ڕەوانە کراوە، چونکە سەرجەم یارمەتیەکان بێجگە لەو کەشتیانە نەدەگەیشتە (٢٠٠٠) جەنگاوەر، کەچی پاشگەز نەبوونەوەو بریاریاندا لە شۆڕشەکە بەردەوام بن هەرچەندە ئەنجامەکەشی تارادەیەك ڕوون و ئاشکرابوو بەوەی شکست ئەهێنن[١١١].

شایەنی باسە لەم کاتەدا چەندین هەوڵدرا بۆ بەستنی هاوپەیمانیەتیەك بەمەبەستی کۆکردنەوەی سەرجەم شارەکان لەژێر یەك سەرکردایەتی سەربازیدا[١١٢]، کەچی تەنها لەسەر یەکخستنی دراوی نێوانیان ڕێککەوتن[١١٣]، هەرچی بابەتی ڕێکخستنی جوڵانەوە جەنگیەکان بوو، ئەوا بیروڕای زۆر جیاواز لە نێوانیاندا سەری هەڵدا[١١٤]. هەر لەبەر ئەمەش بوو، دەبینین کاتێ شاری (میلیتۆس) شۆڕشی ڕاگەیاندبوو لە ساڵی (٤٩٩ پ.ز)، شارەکانی تر بۆماوەیەك بێدەنگییان هەڵبژارد، ئەمەو سەرەڕای بوونی ناکۆکی و کۆنە قین لە نێوان بەشی باکورو باشووری ئەیۆنیا[١١٥]. لەلایەکی ترەوە سوپای ئەخمینی توانی سوود لەم بارودۆخ و پەرتەوازەییە وەربگرێت و پاش ڕێکخستنی جەنگی و بەکارهێنانی چەند

---

(١٠٤) Cassin-Scot, J., Op. Cit., p.٣.
(١٠٥) Bury, J.B & Meiggs, R., Op. Cit., p.١٥٥.
(١٠٦) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٣٩٢.
(١٠٧) فوزي مكاوي، المصدر السابق، ص١٣٧.
(١٠٨) Murray, O., Op. Cit., p.٤٨٢.
(١٠٩) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٤١٧.
(١١٠) Bury, J.B & Meiggs, R., Op. Cit., p.١٥٥.
(١١١) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٤١٨.
(١١٢) Murray, O., Op. Cit., p.٤٨١.
(١١٣) عاصم أحمد حسين، المصدر السابق، ص١٩٣.
(١١٤) عادل نجم عبو و عبد المنعم رشاد محمد، المصدر السابق، ص٨٢.
(١١٥) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٦٧.

هونەرێکی جەنگ و گواستنەوەی تیپەکانی سووپا لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، هەڵسان بە گەمارۆدانی سەرچاوەی شۆڕشەکە، واتە شاری (میلیتۆس)[١١٦].

بەگەیشتنی جەنگاوەرە ئەسینیەکان شۆڕشگێڕان هەنگاوێکی بوێرانەیان هاویشت، بەسەرکردایەتی (خاروپینوس Xarupinus) برای (ئەریستاگۆراس) چوونە ناو شاری (ئیفسۆس)[١١٧]، ئینجا بەرەو بەرزاییەکانی دوڵی (کایستر) ڕۆیشتن و لە چیای (تمولوس) پەڕینەوە[١١٨]، پاشان هێرشیان کردە سەر شاری (ساردیس) و توانییان کۆنترۆڵی بکەن، بەمەبەستی ئەوەی گەمارۆی سەر شاری (میلیتۆس)بشکێنن[١١٩]، بەلاَم سوپای ئەخمینی کشانەوە بۆ قەلاَی شارەکەو لەوێ خۆیان جێگیر کرد، هەر لەم کاتەدا کە هاوینی ساڵی (٤٩٨ پ.ز) بوو، پاش ئازاد کردنی (ساردیس) لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە ئاگرێکی گەورە لە شارەکە کەوتەوەو بەشێکی زۆری شارو پەرستگاکەی سووتان[١٢٠].

ئەم ڕووداوە نەخوازراوە بوە هۆی نارەزایی دانیشتوانی (ساردیس) و دەستیان بە خۆپیشاندان کرد لە دژی جەنگاوەرەکانی ئەسینا و ناچاری پاشەکشەیان کردن لە شارەکەدا[١٢١]، لەکاتی کشانەوەی ئەم جەنگاوەرانەدا تووشی سوپای ئەخمینی بوون بە پێچەوانەی بۆچونی ئەسینیەکان کە پێیان وابوو گەمارۆی سەر (میلیتۆس) هەلگیراوە، بۆیە ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لە نێوان هەردوولادا ڕوویداو ئەخمینیەکان توانیان بەسەر شۆڕشگێرەکان و هاوپەیمانەکەشیاندا سەربکەون سەرکردەی بەناوبانگی ئەریتری بەناوی (ئەیواکیدیس Euakidys) لە شەرەکەدا کوژرا[١٢٢]. هەرچی سەربازە ڕزگاربوەکانی ئەسیناش بوو گەرانەوە بۆ وڵاتی خۆیان[١٢٣]، لەگەڵ ئەوەی (ئەریستاگۆراس) چەندین هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئەسینا رازی بکاتەوە بە یارمەتیدانی شۆڕشگێران بەلاَم سوودی نەبوو، ئەو خاڵەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، هەرچەندە یارمەتیەکانی ئەسینا کاریگەرییکی وەهایان لەسەر گۆڕەپانی شەرەکە دروست نەکرد، بەلاَم سوتانی (ساردیس) رق و کینەی پاشای ئەخمینی زیاتر کردو سوێندی ئەوەی خوارد کە تۆڵەیان لێبکاتەوە[١٢٤].

هەرچەندە جارێکی تر، بۆ ماوەیەکی کاتی و کەم هێزی ئەخمینیەکان بەرەو لاوازی چوو، بەوەی پریشکی شۆڕشەکە لە ساڵی (٤٩٧ پ.ز) گواسترایەوە بۆ دوورگەی (قبرس) و وڵاتی (کاریا)[١٢٥]، پاشان بەرەو (دەردەنیل) و (پیزانس Pizans)[١٢٦]، بەلاَم دەوڵەتی ئەخمینی توانی بە خێرایی سێ سوپای نوێی گەورە و کەشتیگەلێکی جەنگی بەهێز ئامادە بکات، پاش شەرێکی سەخت و قورس بەسەریاندا زاڵ بێت[١٢٧]. بەمەش شۆڕش تەنها لەناوچەی (ئەیۆنیا)

---

(١١٦) عاصم أحمد حسين، المصدر السابق، ص١٩٣.

(١١٧) Murray, O., Op. Cit., p.٤٨٣.

(١١٨) Briant, P., Op. Cit., p.١٤٧.

(١١٩) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٤١٩.

(١٢٠) Osborne, R., The Short Oxford History of Europe, Classical Greece ٥٠٠-٣٢٣B.C, (Oxford: ٢٠٠٠), p.١٧١.

(١٢١) Cassin-Scot, J., Op. Cit., p.٣

(١٢٢) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٤٢٠.

(١٢٣) أ.ت.أولمستد، المصدر السابق، ص٢٤٠.

(١٢٤) Osborne, R., Op. Cit., p.١٧١.

(١٢٥) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص ص ٤٢٠ و ٤٢٥.

(١٢٦) Briant, P., Op. Cit., p.١٤٧.

(١٢٧) Murray, O., Op. Cit., p.٤٨٣.

قەتیس مایەوەو، پاش لێك جیاکردنەوەی بەشی باکورو باشووری (ئەیۆنیا) خودی والی (ئەرتافرینیس) لەساڵی (٤٩٦ پ.ز) سەرجەم ئەو ناوچانەی خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی[١٢٨]. ئەم سەرکەوتنانەی ئەخمینیەکان (ئەریستاگۆراس) ی تووشی بێهیوایی کردو لەگەڵ هەندێ لە هاوکارانیدا بەرەو هەرێمی (میکرینۆس Micrinus) هەڵات[١٢٩]، پاراستنی شاری (میلیتۆس)یشی بە سەرکردەیەکی بێ هێز بەناوی (فیساغۆراس Fithagoras) سپاردو خۆشی لە ئەنجامی چەند هێرشێك بۆ سەر ولاّتی (تراکیا) کوژرا[١٣٠].

قۆناغێکی تری ئەم شۆڕشە بەگەڕانەوەی (هیستیایوس) دەست پێدەکات لە ساڵی (٤٩٥ پ.ز)، دیارە پاشای ئەخمینی رازی کردبوو بەوەی دەتوانێ بارودۆخی شارە ئەیۆنیەکان هێور بکاتەوە[١٣١]، بەڵام والی (ئەرتافرینیس) بە پێچەوانەی پاشاوە هیچ متمانەیەکی پێی نەبووە و هەموو جۆرە هاوکاریەکی لەگەڵدا رەتکردۆتەوە، هەربۆیە زوو پەیوەندی بە شۆڕشگێرەکانەوە کردو، دەستی بە پیلان گێڕان کرد لە دوو شاری سەرەکی کە بریتی بوون لە (میلیتۆس) و (خیوس Xios)، بەشێوەیەکی گشتی چالاکیەکانی (هیستیایوس) بۆ ماوەی دوو ساڵ بریتی بوون لە جوڵانی هێزی سەربازی بە بەردەوامی لە شارێکەوە بۆ شارێکی ترو نانەوەی ئاژاوەو پشێوی، تا ئەو کاتەی توانرا لە (میسیا) دەستگیر بکرێت و لە بەهاری ساڵی (٤٩٣ پ.ز) واتە ساڵێك پاش دامرکانەوەی شۆڕش بەیەکجاری، لە (ساردیس) لە سێدارە درا[١٣٢]، سەری لاشەکەی نێردرا بۆ پاشای ئەخمینی ئەویش وەك پاداشتێك بەوەی ماوەیەك لە ماوەکان خزمەتی بە دەوڵەتی ئەخمینی کردوە فەرمانیدا رێزی لێ بگیرێت و  بە شێوەیەکی شایستە سەرەکەی بنێژن[١٣٣].

دوای ئەم رووداوانە دەوڵەتی ئەخمینی سوور بوو لەسەر ئەوەی بە گوڕو تینێکی ترەوە پلان دابنێت و بەیەکجاری بەسەر شۆڕشی شارە ئەیۆنیەکاندا زاڵ بێت، هەربۆیە لە ساڵی (٤٩٤ پ.ز) سەرجەم هێزەکانیان لە دەوروبەری شاری (میلیتۆس) کۆکردەوە بەمەبەستی هێرش بردن بۆ شارەکە لە رێگای وشکانی و دەرياییەوە[١٣٤]، پاش زانینی ئەم هەواڵەش لەلایەن ئەیۆنیەکانەوە و هەست کردن بەو مەترسیە گەورەیە لە پەرستگای (پۆسیدون Poseidon) لەسەر چیای (میکالی Mycale) کۆبوونەوەو بڕیاریاندا بەرگری لە قەڵاو پەرژینەکانی شاری (میلیتۆس) بکەن لە وشکانیدا و لە دەریاشدا رووبەروویان ببنەوە[١٣٥].

کەشتیگەلی جەنگی شارە ئەیۆنیەکان کە لە (٣٥٣) پێك هاتبوو لە دوورگەی (لادی Lade) نزیك لە (میلیتۆس) لەنگەری گرت، هەرچی کەشتیگەلی جەنگی دەوڵەتی ئەخمینی بوو پێك هاتبوو لە کەشتیەکانی (فینیقی )، (میسر)، (کیلیکیا)، و (قبرس)[١٣٦]، هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ژمارەیان (٦٠٠) کەشتی بووە، بەهەرحاڵ

(١٢٨) أ.ت.أولمستد، المصدر السابق،ص٢٣٩.

(١٢٩) Briant, P., Op. Cit., p.١٤٧.

(١٣٠) تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس، ص٤٢٧.

(١٣١) محمد فهمي عبد الباقي، المصدر السابق، ص١٨١.

(١٣٢) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٦٨.

(١٣٣) تاريخ هيرودوت، الكتاب السادس، ص٤٣٩.

(١٣٤) المصدر نفسه، ص٤٣٥.

(١٣٥) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٦٩.

(١٣٦) عادل نجم عبو و عبد المنعم رشاد محمد، المصدر السابق، ص٨٣.

سەرەرای زۆری ژمارەی کەشتیەکانی سوپای ئەخمینی شەرەکە لە بەرژەوەندی ئەیۆنیەکاندا تەواو دەبوو، ئەگەر لەلایەنی ڕێکخستنی جەنگیەوە لەگەڵ یەکتری هاوکارو حەماسەتی جەنگییان لەدەست نەدایە[١٣٧].

هەرچەندە سەرکردەی بەناوبانگ (دیۆنیسۆس Dionysos) هەوڵیدا چەند پلانێکی سەربازی ئەو سەردەمە پەیرەو بکات ئەویش بە جولاندنی کەشتیە جەنگییەکان بەشێوەی بازنەیی و بەردەوام، کەچی سەرکردەو جەنگاوەرە ئەیۆنیەکان بێزار بوون لەو پلانە، بە پێچەوانەی فەرمانەکانی ئەوەوە دابەزینە سەر زەوی بەمەبەستی پشوودان لە ژێر سێبەری دارەکاندا، لەم کاتەدا کەشتیگەلی ئەخمینی ئەم هەلەی قۆستەوەو جەنگێکی یەکلاکەرەوە لە دوورگەی (لادی) دەستی پێکرد لە هاوینی ساڵی (٤٩٤ پ.ن)[١٣٨]. هەرچەندە لەیەکەم هەڵمەتدا سێ کەشتی ئەخمینی نوقمی ئاو بوون، بەڵام کەشتیەکانی تایبەت بە دوورگەی (سامۆس Samos) بە هاندانی هەندێ ناپاك جەنگەکەیان بەجێهێشت و پاش ئەوەش کەشتەیەکانی دوورگەی (لیسپوس Lispos) بە دوای ئەواندا هەڵاتن، لە هەمان کاتدا و بە پێچەوانەی کەشتیەکانی ئەم دوو دوورگەیەوە کەشتیەکانی دوورگەی (خیۆس) ئازایەتییەکی بێوێنەیان پێشاندا بەڵام ئەمەش نەبوە هۆی سەرکەوتنی هێزی شارە ئەیۆنیەکان و تەنها ماوەیەکی کەم بەرگرییان پێکراو ئەمانیش تێکشکێنران، سەرکردەی ئەم بەرگریکردنەش کە (دیۆنیسۆس) بوو هەڵات و لەچەند دوورگەیەکی تردا دەستی بە چەتەگەری کرد[١٣٩].

بە لەناوچوونی بەرگری کەشتیگەلی ئەیۆنیەکان تەنها شوێن کە بەرگری تێدا ماوەیەوە بریتی بوو لە شاری (میلیتۆس) بەبێ هیچ ئەنجامێك، بۆیە سوپای ئەخمینیەکان گەمارۆی شارەکەی دایەوەو بەهێزێکی زۆرەوە چوونە شارەکەوە تالان و بڕۆیەکی زۆری تێدا ئەنجامدرا[١٤٠]، بەمەبەستی تەمبێ کردنی دانیشتوانەکەشی ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەیان کوشت و هەندێکی تریان نێردران بۆ (سوسە) و لەوێ زیندانی کران بەبێ ئەوەی ئازاریان بدرێ[١٤١]، ئەوانی ژن و منداڵیش بوون کرانە کۆیلەو لەشارەکە دوورخرانەوەو نێردران بۆ سەرچاوەی ئاوی دیجلە[١٤٢].

بەم شێوەیە شاری (میلیتۆس) ڕۆڵی لەناوچەکەدا لەدەستداو نەیتوانی بۆجارێکی تر بگەڕێتەوە سەردەمی ئەو پێشکەوتنەی کە بەدەستی هێنابوو[١٤٣]. لە کۆتاییشدا و هەر لە ساڵی (٤٩٤ پ.ن) بەبێ هیچ بەرگرییەك شارە ئەیۆنیەکان یەك لە دوای یەك کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەخمینی[١٤٤]، کۆتاییش بەو شۆڕشە هات کە بۆماوەی نزیکەی شەش ساڵ بەردەوام بوو[١٤٥].

(١٣٧) عاصم أحمد حسين، المصدر السابق، ص١٩٤.

(١٣٨) Bury, J.B & Meiggs, R., Op. Cit., p.١٥٦.

(١٣٩) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٧٠.

(١٤٠) Bury, J.B & Meiggs, R., Op. Cit., p.١٥٦.

(١٤١) تاريخ هيرودوت، الكتاب السادس، ص٤٣٦.

(١٤٢) ممدوح درويش مصطفى وإبراهيم السايح، المصدر السابق، ص٣٢.

(١٤٣) Murray, O., Op. Cit., p.٤٨٨.

(١٤٤) تاريخ هيرودوت، الكتاب السادس، ص٤٤١.

(١٤٥) Cassin-Scot, J., Op. Cit., p.٤.

## ئەنجامەکان

پاش خستنە رووی توێژینەوەکەمان، گەیشتینە چەند ئەنجامێك، لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورتی دەکەینەوە:

١. شۆڕشی شارە ئەیۆنیەکان، یەکەمین شۆڕشە پاش داگیرکردنی شانشینی (لیدیا) و چوونە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئەخمینی و زیاتر لە نیو سەدە لە ژێر دەستەیی، پاش هەست کردنیان بە پەراوێز خستنیان لەلایەنی سیاسی و ئابوریەوەو، بە هاندانی هاورەگەزەکەنیان لە ولاتی یۆنان، ئەنجامدرا. خاڵێکی وەرچەرخانیشە لە پەیوەندی نێوان هەردوولا، بەوەی بوارێك نەمایەوە بۆ پێکەوەژیانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

٢. شۆڕشی ئەیۆنیا هۆکارێکی کاریگەرو راستەوخۆبوو لەوەی دەوڵەتی ئەخمینی لەکاتی شۆڕشەکەدا بەڵێنی تۆڵەکردنەوەو لە دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکە راستەوخۆ بیر لە داگیرکردنی ولاتی یۆنان بکاتەوە بەتایبەتی (ئەسینا)، بەوەی سەرچاوەی هاندانن لەلایەنی (سیاسی، سەربازی، هزری) بۆ شارە یۆنانیەکانی بەری رۆژهەلات، هەروەها هۆکاری راستەوخۆی روودانی سێ جەنگی یەکلاکەرەو بەناوبانگ بوون ئەوانیش: (ماراسۆن Marathon)(٤٩٠ پ.ن)، (سلامیس Slamis) (٤٨٠ پ.ن)، (پلاتیا Platya) (٤٧٩ پ.ن)، کە لەنێوان هەردوولادا روویاندا لە پاش دامرکانەوەی شۆڕشەکەو کاریگەری زۆر بەهێزی هەبوو لەسەر رووداوە سیاسیەکانی ئەو سەردەمەی ولاتی یۆنان و دەسەلاتی ئەخمینی بۆ هەتایە دوورخرایەوەو قەڵەمڕەویان نەگەیشتەوە ئاستی پێش جەنگەکان.

٣. ئەم شۆڕشە ئەزموونێکی تاڵ و لەهەمان کاتدا وانەیەك بوو بۆ یۆنانیەکان، چونکە خاڵە لاوازەکانی خۆیانیان بۆ دەرکەوت بەوەی پێویستە هەوڵەکانیان یەکبخەن و یەکبگرن و هاوکاری یەکتری بکەن و هێزی دەریایی تۆکمە بنیاد بنەن بۆ رووبەرووبونەوەی دوژمنەکەیان کە دەوڵەتی ئەخمینی بوو، هەرچەندە هەندێکیان ئازایەتی و جوامێریی و گیانفیدایيان هەڵبژارد لەو رووداوانەدا، بەڵام ئەم هەوڵانە تاکلایەنە بوون و هیچ یەکانگیرییەك و یەکگرتنێکی پێوەدیار نەبوو، لەهەمان کاتیشدا نەیانتوانی رێگا بگرن لە روودانی سەرگەردانی و بێ پلانی و خیانەت کردن لە نێوان خۆیاندا.

٤. لایەنێکی پرشنگداری ئەم شۆڕشە تینوێتی یۆنانییەکان دەردەخات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، هەروەها رۆحیەتی نەتەوەیی لە نێوانیاندا زیندوو کردەوە، لەلایەکی ترەوە فێری ئەوەی کردن چۆن بەرەنگاری سوپایەکی بەهێز بکەن کە لە چەندین نەتەوەی جیاواز پێك هاتبوو بەبێ بوونی هیچ بیرێکی هاوبەش لە نێوانیاندا، بۆیە سوودێکی زۆرو ئەزموونیان لەم شۆڕشە وەرگرت و هۆکارێك بوو بۆ سەرکەوتنەکانی تریان بەسەر دەوڵەتی ئەخمینیدا.

## ليستی سەرچاوەكان

**یەكەم:** سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی و وەرگێڕدراو:


- إبراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق واثره في تأريخه العام حتى الفتح الإسلامي، مطبعة شفيق، الجزء الأول والثاني، (بغداد : دون تاريخ ).
- أ.ت.أولمستد، الإمبراطورية الفارسية عبر التاريخ، ترجمة: مجموعة مترجمين، الطبعة الأولى ، المجلد الأول، الدار العربية للموسوعات، (بيروت : ٢٠١٢).
- ادون بفن، ارض النهرين، ترجمة: الاب انستاس ماري الكرملي والأب لويس مرتين الكرملي، مطبعة المعارف، (بغداد : ١٩٦١).
- ايمان لفته حسين، " مملكة ليديا (٦٨٧-٥٤٦ ق.م) تاريخها وحضارتها"، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، المجلد الرابع، العدد الثالث، (٢٠١٤).
- تاريخ هيرودوت، الكتاب الخامس و السادس، ترجمة. عبدالإله الملاح، مراجعة. أحمد السقاف و حمد بن صراي، منشورات المجمع الثقافي، (ابو ظبي:٢٠٠٢ ).
- جايمس هنري براستد، العصور القديمة، ترجمة: داود قربان، المطبعة الاميركانية، (بيروت:١٩٢٦).
- حسن كريم الجاف، الوجيز في تاريخ إيران دراسة في التاريخ السياسي من تاريخ الاسطوري إلى نهاية الطاهريين، الطبعة الأولى، الجزء الأول، بيت الحكمة، (بغداد : ٢٠٠٣).
- د.ق.سبيريذاكيس، موجز تاريخ قبرص، ترجمة: يعقوب كامل الطليحى، مطبعة التجارة، (الإسكندرية:١٩٧١).
- دونالد ولبر، إيران ماضيها وحاضرها، ترجمة: عبد النعيم محمد حسين، مراجعة: إبراهيم امين الشواري، مكتبة مصر، (القاهرة : ١٩٥٨).
- رضوان صباح محمد سليمان الحيالي، سقوط نينوى ٦١٢ ق.م دراسة تحليلية في الأسباب والنتائج، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الموصل، كلية الآداب، (الموصل:٢٠٠٩).
- سامي سعيد الأحمد، سلالة بابل الحديثة (العراق في التاريخ)، دار الحرية للطباعة، (بغداد: ١٩٨٣).
- سامي سعيد الأحمد وجمال رشيد، تاريخ الشرق القديم، مطبعة التعليم العالي، (بغداد:١٩٨٨).
- سامي سعيد الأحمد ورضا جواد الهاشمي، تاريخ الشرق الأدنى القديم، إيران والاناضول، مطبعة التعليم العالي، (بغداد : دون تاريخ).
- سيد أحمد علي الناصري، الإغريق تاريخهم وحضارتهم من حضارة كريت حتى قيام إمبراطورية الإسكندر الأكبر، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، (القاهرة:١٩٧٦).
- طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الطبعة الثانية، الجزء الثاني، منقحة، شركة التجارة والطباعة المحدودة، (بغداد : ١٩٥٦).
- طه باقر وفوزي رشيد ورضا جواد الهاشمي، تاريخ إيران القديم، مطبعة جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٧٩).
- عادل هاشم علي، "الدولة الميدية (٧٤٥ ق.م -٥٥٠ ق.م) أول إمبراطورية في تاريخ إيران القديم"، مجلة دراسات إيرانية، العدد ١٣، (٢٠١١).
- عاصم أحمد حسين، المدخل إلى تاريخ وحضارة الإغريق، الطبعة الرابعة، بيرفورمانس، (القاهرة:١٩٩٣).

- عامر سليمان واحمد مالك الفتيان، محاضرات في التاريخ القديم، دار الكتب للطباعة والنشر، (الموصل : ١٩٧٨).
- عبد الله امين اغا وميسر سعيد العراقي، نمرود (كالح)، مديرية الآثار العامة، (بغداد:١٩٧٦).
- علي ظريف الأعظمي، تاريخ الدول الفارسية في العراق، مطبعة الفرات، (بغداد :١٩٢٧).
- فاتح عبد الله محمد، العلاقات السياسية والعسكرية بين الآشوريين والميديين خلال الفترة (٩١١–٦١٢) قبل الميلاد، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية، (السليمانية : ٢٠٠٨).
- فوزي مكاوي، تاريخ العالم الاغريقي وحضارته من أقدم عصوره حتى عام ٣٢٢ ق.م، الطبعة الأولى، دار الرشاد الحديث، (الدار البيضاء :١٩٨٠).
- فيان موفق النعيمي وياسر عبد الواحد المشهداني، تاريخ اليونان والرومان في الشرق الأدنى،الطبعة الأولى، دار الفكر ناشرون وموزعون، (عمان : ٢٠١٣).
- مارغريت روتن، تاريخ بابل، ترجمة: زينة عازار و ميشال ابي فاضل، منشورات عويدات، (بيروت: ١٩٧٥).
- محمد فهمي عبد الباقي، التاريخ اليوناني، الطبعة الأولى، (القاهرة :٢٠٠٨).
- محمد كامل عياد، تاريخ اليونان، الطبعة الثالثة، دار الفكر، (دمشق:١٩٨٠).
- محمود فهمي، تاريخ اليونان، تقديم: محمد زينهم محمد عزب، مكتبة ومطبعة الغد، (القاهرة:١٩٩٩).
- مفيد رائف العابد، دراسات في تاريخ الاغريق،المطبعة الجديدة، (دمشق: ١٩٨٠).
- ممدوح درويش مصطفى وإبراهيم السايح، مقدمة في تاريخ الحضارة الرومانية واليونانية، تاريخ اليونان، المكتب الجامعي الحديث، (الإسكندرية : ١٩٩٩).
- مؤيد سعيد، العراق خلال عصور الاحتلال (الأخميني – السلوقي – الفرثي – الساساني) ( العراق في التاريخ)، دار الحرية للطباعة، (بغداد:١٩٨٣).
- هـ. د. كيتو، الإغريق، ترجمة : عبد الرزاق يسرى، مراجعة : محمد صقر خفاجه، دار الفكر العربي، (القاهرة: ١٩٦٣).
- وفاء عدنان عمار، آسيا الصغرى خلال الحكم السليوقي (٢٨١–١٨٨ ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الآداب، (القاهرة : ٢٠١٣).
- يحيى الخشاب، التقاء الحضارتين العربية والفارسية، معهد البحوث والدراسات العربية، (القاهرة : ١٩٦٩).


**دووەم:** سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :


- ., The Prehistory of Asia Minor: From Complex Hunter-Bleda S. Düring Gatherers to Early Urban Societies, (Cambridge University Press: ٢٠١١).
- Briant, P., A History of the Persian Empire, From Cyrus to Alexander, Translated by. Daniels, P.T., (USA : ٢٠٠٢).
- Burn, A.R, Persia and the Greeks, The Defense of the West ٥٤٦-٤٧٨ B.C, Minerva Press, (U.S.A : ١٩٦٨).
- Bury, J. B, & Others.,"The Egyptian and Hittite Empires to c. ١٠٠٠ B. C." *The Cambridge Ancient History*, Vol .II, (١٩٣٩).

- Bury, J.B & Meiggs, R., A History of Greece To The Death Of Alexander The Great, Fourth Edition , Published By. Macmillan Press, (London:١٩٧٥).
- , *American Journal of* "Darius and Xerxes in Babylonia"Cameron, G.G., *Semitic Languages and Literatures*, Vol.٥٨, No.٣, (Jul.,١٩٤١).
- Carry, M., A History of the Greek World from ٣٢٣ to ١٤٦ B.C, ٢Edition , (London : ١٩٥١).
- Cassin-Scot, J., The Greek and Persian Wars ٥٠٠-٣٢٣ B.C, (British:١٩٧٧).
- Finkelstein, J. J., "Subartu and Subarians", *Journal of Cuneiform Studies*, Vol. ٩, No.١, (١٩٥٥).
- "Hurrians and Subarians" , *Oriental Institute Publications*, Gelb ,I,J., Vol.٢٢, (١٩٤٤).
- ., Wycliffe Historical Geography of Bible Lands, Howard F, Vos (London:٢٠٠٣).
- , *The Cambridge Ancient History,* Vol. "The Ionian Revolt"Murray, O., IV, ٢Edition , (١٩٨٨).
- Osborne, R., The Short Oxford History of Europe, Classical Greece ٥٠٠-٣٢٣B.C, (Oxford : ٢٠٠٠).
- Strabo, The Geography of Strabo, Translated by: Jones, H.L, William Heinemann, Ltd, Cambridge Mass . Harvard University Press, (Lodon:١٩٢٤).
- Thirlwall, C., A History of Greece, Cambridge Library Collection, Vol.٢, (Cambridge:٢٠١٠).
- Von der Osten, H.H., "Explorations in Hittite Asia Minor", *The American Journal of Semitic Languages and Literatures*, Vol.٤٣ .No.٢, (Jan., ١٩٢٧).

**سێیەم:** سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

- رضا شعباني، مروری کوتا برتاریخ إیران از آغاز عصر مادها تا بایان دوران قاجاریه، چاپ اول، انتشارات سخن، چاپخانه مهارت، (تهران:١٣٨٠).
- عبد الحسین زرین کوب، تاریخ مردم إیران (إیران قبل از اسلام)، چاپ هفتم ، جلد اول، مؤسسة امیر کبیر، چاپخانەسبهر، (تهران:١٣٨١).
- عبد الله رازی، تاریخ کامل إیران از تأسیس سلسله ماد تا انقراض قاجاریه، مصحیح.کاظم زاده إیرانشهر، چاپ سیزدهم، انتشارات اقبال، (تهران:١٣٧٦).

**ملخص البحث**

يُسلط هذا البحث الضوء على حدث تاريخي مهم ومؤثر في آسيا الصغرى، ألا وهو ثورة المدن الأيونية ضد السلطة الأخمينية في الفترة ما بين (٤٩٩–٤٩٤ ق.م). وتُعد هذه الثورة نقطة التحول في العلاقة بين مملكة عظيمة شرقية مع مجموعة مدن ذو ثقافة غربية، وقد أثر هذا التحول تأثيراً مباشراً على مستقبل المنطقة عموماً وبلاد اليونان خصوصاً.

يتكون هذا البحث من مقدمة ومحورين مع قائمة المصادر والمراجع. تناول المحور الأول مقدمة جغرافية حول آسيا الصغرى من حيث الموقع وأهم السلاسل الجبلية والأنهار المتواجدة في المنطقة. أما المحور الثاني فقد القى الضوء على أول علاقة بين الشرق والغرب، واحتوى هذا المحور بدوره على الأسباب والمراحل والتطورات التي مرت بها الثورة، وفي نهاية المحور تم تخصيصه بعرض لنهاية الثورة والنتائج المنبثقة عنها.

**Abstract**

This research sheds the light on an important and influential event in the Asia Minor which is the revolution against Achaemenids between (٤٩٩-٤٩٤ B.C). Undoubtedly, this revolution became the turning point in the relation between a great empire in the east and some western cultural cities. This event had significantly influenced the destiny of the region and Greece.

This research consists of an introduction, two chapters, and list of references. In the first chapter, a geographical characteristics of Asia Minor is discussed in terms of location, mountains and rivers. In the second chapter the first communication between east and west is discussed. Then, the revolution itself is discussed in terms of, reasons, stages, and developments. At the end of the paper a brief conclusion is presented.